# عەنکاوە

## بووەتە نەوایەکی ئارام بۆ کریستیانەکانی عێراق و ناوچەکە

## پێویستی بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە










عەنكاوە تايبەتمەنديی خۆی هەيە؛ نەك تەنيا بەوەی ڕێژەيەكی زۆری كريستيانەكانی كوردستانی لێنشتەجێيە بەڵكو لەسەرجەم ناوچەكانی عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەريشەوە ژمارەيەكی زۆری كريستيانەكان ڕوويان لە عەنكاوە كردووەو بەشاری پێكەوەژيانيش ناسراوە، بەو پێيەی ئايين و ئايينزای كريستيان و موسڵمان و سابيەی مەندائی و ئەرمەنيشی تێدا نيشتەجێيە، ئەم تايبەتمەندييە و ڕێزگرتن لەئاينزاكان وايكردووە هەرێمەكە ببێتە پێگەيەك بۆ پێكەوەژيان و لێبووردەيی ئەوەتا قەشە ڕەيان بۆڵس لەنووسينگەی مەترانييە لەعەنكاوە لەم ڕاپۆرتەدا بە گوڵانی ڕاگەياند:» فاتيكان بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە هەرێمی كوردستان و سەرۆكەكەی..»، زيادبوونی ژمارەی دانيشتوانی عەنكاوە بۆ زياتر لە٣٠ هەزار كەس و فراوانبوونی شارەوانی ناحيەكە واقيعێكی وای دروستكردووە ئەو پرۆژەو كارە خزمەتگوزارييانەی لەم چەند ساڵەی دوايی دا كە لەعەنكاوە ئەنجامدراوە بەپێی ئەو فراوانبوون و زيادبوونی ژمارەی دانيشتوان نەبێت، خەڵكی عەنكاوە داوای پرۆژەو كاری خزمەتگوزاری زياتر دەكەن. لە بەسەركردنەوەيەكی گۆڤاری (گوڵان )دا گلەيی و گازندەی خەڵكەكەو چەند پرسيارێكمان ئاراستەی (جەلال حەبيب) بەڕێوەبەری ناحيەی عەنكاوە كرد، كە بەراشكاوی وەڵامی پرسيارەكانی داينەوە. لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەكەينەوە..









هاووڵاتیان:

# پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەئاست فراوانبوونی ناحیەکەماندا نین







هاووڵاتیانی عەنکاوە پێیان وایە کە سەرەڕای ئەوەی لەماوەی ئەم دوو ساڵەی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەند پرۆژەو کاری بۆ ئەنجامداون، بەڵام هێشتا بەپێی ئەو فراوانبوون و زیادبوونە خێراییەی ژمارەی دانیشتوانەکەی نییە، لەبوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو دروستکردنی پارك گرفتیان هەیە؛ فاروق حەننا بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کلتووری سریانی لەعەنکاوە پێی وابوو حکومەتی هەرێم مافی رۆشنبیری بەکریستیانەکان داوە لەسەر ئەو بنەمایەش خاوەنی چەندین دامەزراوەیی مەدەنین و ئازادانە کاری خۆیان دەکەن، ئەمڕۆ عەنکاوە بووەتە نموونەیەکی زیندووی پێکەوەژیان و لێبووردەیی، بۆیە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق هاووڵاتیانی کریستیان روو لەعەنکاوە دەکەن. ئەمانە هەمووی هۆکارێکن بۆ زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکەمان بەرادەیەك گرفتی گرانی و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی لێکەوتۆتەوەو کرێی خانوو زۆر زیادیکردووە، هەر سەبارەت بەم گرفتە هاووڵاتییەکی عەرەب بەناوی محەمەد عەلی کە بۆ پاراستنی ژیانی خۆی و خێزانەکەی لەبەغداوە هاتۆتە عەنکاوە پێی وابوو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی ئاسایش و ئارامی لەعەنکاوە جێی پێزانینە، کە وایکردووە عەنکاوە ببێتە ناوچەیەکی ئارام بۆ هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان، بەڵام ئەمەش گرانی و قەیرانی نیشتەجێبوونی لێکەوتۆتەوە، هاوکات لەگەڕەکەکانی کەرتی ١٢٨و ١٨٩ کە چەند ساڵێکە زەوی تێدا دابەشکراوەو خانووی تێدا دروستکراوە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بەهێواشی تێدا جێبەجێ دەکرێن، هاووڵاتی میلاد عەبد مەسیح داوای لەوەزارەتی شارەوانی کرد لەپێناو کەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ گەڕەکە نوێیەکان جێبەجێ بکات.

ئەم هاووڵاتییە سەبارەت بەهاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە وتی: بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەپاراستنی کریستیانەکانی ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق و پێشکەشکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزاری بۆیان جێگای دەستخۆشی و بێزانینە، بەڵام پێویستە ئەو تایبەتمەندییە بپارێزرێت کە عەنکاوە راستەوخۆ سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت.

ناحیەی عەنکاوە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە پشتی بەبیری ئیرتیوازی بەستووە کەسەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری بیری ئیرتیوازی بەڵام گرفتی ئاوی خواردنەوە هەرماوە، هاووڵاتی فەرید عەزیز سەبارەت بەم گرفتە ئاماژەی بەوەکرد بیرە ئیرتیوازییەکان لەتوانایاندا نابێت ئەم هاوینە ئاوی خواردنەوە بۆ هەموو ناحیەکە دابین بکەن، بەوتەی ئەم هاووڵاتییە هەتا لەپرۆژەی ئیفرازەوە ئاوی خواردنەوە بۆ ئەم ناحیەیە دابین نەکرێت زەحمەتە بتوانرێت چارەسەری گرفتی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بکرێت، سەبارەت بە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی شارەوانیش لەعەنکاوەی کۆن هاووڵاتی حەنا سلێوە وتی: عەنکاوەی کۆن پێویستی بەخزمەتگوزاری و فراوانکردنی شەقامەکانی هەیە، هەروەها هەڵگرتنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاك کەمتەرخەمی تێدایە.

فراوانبوونی عەنکاوە دۆخێکی وای لێکەوتۆتەوە کە پێویستی بەقوتابخانەو بنکەی تەندروستی نوێ هەیە لەم بارەیەوە هاووڵاتی فائیز سەلیم وتی: گەڕەکە تازەکانی عەنکاوە پێویستیان بەقوتابخانەو بنکەی تەندروستی نوێ و نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هەیە.



بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە بۆ (گوڵان):

# نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ و بنکەیەکی فریاکەوتنی تەندروستیمان پێویستە

**لە پرۆژەی ئیفراز ٤ەوە ئاوی خواردنەوە بۆ عەنکاوە رادەکێشرێت**

**عەنکاوەی کۆن پێویستی بەخزمەتگوزاری و فراوانکردنی شەقامەکانی هەیە**

(جەلال حەبیب) بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە کردو سەرەتا وتی:

دوای ئەوەی هاووڵاتیانی کریستیان لەعێراق دوچاری کوشتن و تیرۆر بوونەوەو روویان لەهەرێمی کوردستان کرد، لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئاوڕییان لێدرایەو نیشتەجێکران و لیژنەیەکی باڵا بۆ ئەم مەبەستەش دامەزرا، تەنانەت منداڵەکانیان بۆ بەردەوامبوونیان لە خوێندن لەقوتابخانەو زانکۆکانی کوردستان وەرگیران و زۆربەی فەرمانبەرەکانیشیان لەدامودەزگاکانی حکومەت تەنسیب کران، بەمشێوەیە سەرجەم وڵاتانی دنیاو فاتیکان ئاگاداری هەڵوێستی مرۆڤدۆستی و جوامێرانەی خەڵکی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانن کە هەرێمەکە بۆتە پێگەیەك بۆ پێکەوەژیان و لێبوردەیی، ئێمەش وەکو یەکەی ئیدارەی عەنکاوە لەسەر رێنمایی و راسپاردەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیمان لەئاوارەکان کردو شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین کراو لەکارو مامەڵەکانیاندا هاوکاریی و ئاسانکارییان بۆ کرا.

سەبارەت بەکێشەی زەوی و نیشتەجێبوونیش بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە وتی: هاتنی ئاوارەکان بۆ عەنکاوە نەك تەنیا لەبواری نیشتەجێبوون بارقورسایی بۆ دروست کردووین بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزاری پێویستمان بەئاوڕلێدانەوە هەیە، لەم رووەوە لایەنە پەیوەندارەکان یارمەتییان داوین و تائێستا توانیومانە ژمارەیەکی زۆر لەزەویی نیشتەجێبوون دابین بکەین و بەسەر تویژو چینەکاندا دابەش کراوە، بەمنزیکانەش ئەوانەی بڕیاری پێدانی زەوییان هەیەو لەبەر نەبوونی زەوی نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکرێت، هەموو فراونبوونێکی خێراو گەشەکردنێك پێویستی بەپرۆژەو کاری نوێ هەیە هەر ئەمەشە وایکردووە لەهەندێك گەڕەك و شوێن گرفت هەبێت، بۆ ئەمەش تەندەرمان بۆ دروستکردنی شەقام و شۆستەکانی گەڕەکە نوێیەکان دابەشکردووە. هەروەها کاریش دەکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی لەپرۆسەی کوژاندنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیاندا قەرەبوو نەکراونەتەوە. لە ڕێگای گۆڤارەکەشتانەوە داوا لەبەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی هەولێر دەکەم پرۆژەی ئاوەڕۆی سندوقی هەردوو گەڕەکی کەرتی ١٠٨ و کارێزەمان بۆ بخەنە ناو ریزبەندی پێشەوەی کارەکانیان.

هەر سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە ئاماژەی بەگرفتی کەمی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە کردوو وتی: لەناو سەنتەری ناحیەکەمان زیاتر لە ٣٥ بیری ئاوی خواردنەوە هەیە، بەڵام کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوە بەتایبەت لەوەرزی هاوین چارەسەر ناکات، لە سێ پرۆژەی گەورەی ئاوی ئیفراز کە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی هەولێر بە عەنکاوەدا تێپەڕ دەبێت ئێمە سوودمان لێوەرنەگرتووە، خۆشبەختانە بڕیارە لەدوای دروستکردنی پرۆژەی ئیفراز ٤ عەنکاوەش لێی سوودمەند بێت . هەروەها لەبواری کەرتی تەندروستیشدا پێویستیمان بەنەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ و بنکەیەکی فریاکەوتنە.

قەشە رەیان پۆڵس لەنووسینگەی مەترانیە لەعەنکاوە بۆ ( گوڵان):

# ماف و ئیمتیازاتی کریستیانەکان لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا چەسپێنراوە



هەر لەدرێژەی سەردانەکەماندا بۆ عەنکاوە و سەبارەت بەپێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوەو ئاینزاکان لەو ناحیەیەو دیاریکردنی مافەکانی کریستیانەکان لەدەستووری هەرێم ؛ چەند پرسیارێکمان ئاراستەی قەشە رەیان پۆڵس لەنووسینگەی مەترانییە لەعەنکاوە کرد؛ لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

-پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان ئاینزاو نەتەوەکان بۆ ئەو نزیکبوون و لێکتێگەیشتنە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان سەرجەم ئاینزاکان لەهەرێمی کوردستان هەیە، لەمەشدا وەزارەتی ئەوقاف رۆڵی گرنگی هەیەو بەشداری ئەو کۆنگرەو مەراسیمانە دەکات کە لەپێناو نزیکبوونەوەی ئاینزاکان لەجیهاندا دەبەسترێت کە دوایەمینیان لەساڵی ٢٠١٠ بوو لەبەرشەلۆنیای ئیسپانیا کە لەگەڵ وەزیری ئەوقاف بەشداریمان لەکۆنگرەی نوێژ بۆ ئاشتی) کردو وەزیری ئەوقافی کوردستان وتەیەکی بەزمانی کوردی پێشکەش کرد.لەم رووەوە هەرێمی کوردستان ناوبانگێکی باشی هەیە چونکە چەمکی پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان ئاینزاکان لەهەرێمی کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، کریستیانەکان لەخۆشی و ناخۆشیەکانی گەلانی کوردستان بەشداربوون و رۆڵی جوامێرانەیان لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی و شۆرش لە پێناو ئازادی دا هەبووە، وەکو کەنیسەش پارێزگاری لەو رۆڵە دەکەین و بەو ئاراستەیە کار دەکەین، لێرەدا دەمەوێت تەئکید لەوە بکەمەوە کە پێکەوەژیان چەمکێکی دوولایەنەیە واتا دەبێت هەردوو لایەن کار بۆ چەسپاندن و پتەوکردنی بکەن، ئەوەتا بارودۆخەکەی عێراق دەبینین کەچۆن نەك تەنیا هاووڵاتیانی کریستیانەکان زیانیان پێگەیشت بگرە هەموو ئاینزاکان بەموسڵمانەکانیشەوە رووبەرووی تیرۆر و کوشتن و کۆچپێکردن بوونەوە، ئەمە بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوەیە کە تێیدا بارودۆخەکەی جیاوازەو ئازادی و دیموکراتیەتێکی باش هەیە، کە دەکرێت ببینە نموونەیەکی زۆر پێشکەوتووی پێکەوەژیانی نێوان ئاینزاکان، لەمەش دا ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەی کە بەسەر هەردوو لایەنی (ژێرخان و مرۆیی )دا هاتووە زیاتر چەمکی پێکەوەژیان لێبووردەیی لەنێوان ئاینزاکان قووڵتر کردۆتەوە و لەداهاتووشدا چاوەڕێی زیاتر دەکەین. ئەمڕۆ فاتیکان

**پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە هەرێمی کوردستاندا مێژووییەکی دوورودرێژی هەیە**



بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی؛ لەکاتی سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ فاتیکان پەیامی ڕێزو خۆشەویستی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان دووپات کردەوەو ڕۆڵی هەرێمەکە لەپاراستن ژیانی ئاوارە کریستیانەکانی عێراق و هاوکاریکردنیان بەرز هەڵسەنگاند. وەکو کریستیانەکانی عەنکاوەش داواکارین سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی عەنکاوە بکەن و لەنزیکەوە گوێبستی داواکاری و بیروبۆچوونەکانیان خەڵکی خۆیان بن.

سەبارەت بەچەسپاندنی مافەکانی کریستیانەکان لەدەستووری هەرێمی کوردستان قەشە ریان پۆڵس لەنووسینگەی مەترانییە لەعەنکاوە وتی: کریستیانەکان جگە لەوەی لەهەرێمی کوردستان بەشدارن لەپێکهاتەی حکومەتی هەرێم و خاوەنی دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین و نوێنەری پارتە سیاسییەکانمان لە پەرلەمان هەیە، هاوکات لەڕووی یاسایی و دەستووریشەوە مافەکانمان لە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان دیاریکراوەو چەسپێنراوەو پەرلەمانتارمان بەنوێنەرایەتی ئەنجومەنی نەتەوەی ( کلدانی ئاشوری سریانی ) هەیە کە دوو پەرلەمانتاریان لە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشورین، ئێمە زۆر سوباسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بۆ چەسپاندنی ماف و ئیمتیازاتی کریستیانەکانیش بەهاوشێوەی ئاینزاکانی تر لەدەستووری هەرێم کاریان کردووەو پارێزگارییان لێکردووە، بەبەردەوامیش داواکاری نوێمان دەبێت هەربۆیە داوامان ئەوەیە لە جێبەجێکردنی بڕیارو یاساکاندا بەدواداچوونی بەردەوام هەبێت. ئێمە وەکو سەرۆکایەتی کەنیسە لەپارێزگای هەولێر کە نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کریستیانەکان لەم پارێزگایە دەکەین کار بۆ ئەوە دەکەین هەموو پرۆژەو ئاراستەی ئاینیمان لەپێشەوە لەخزمەتی نیشتمانەکەماندا بێت هەر لەو ڕوانگەیەشەوە داواکارین پرۆژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان وەکو دروستکردنی نەخۆشخانەو قوتابخانەو باخچەی ساوایان و پرۆژەکانی ئاوو کارەبا لە عەنکاوەو سەرجەم ناوچەکانی تر کە کریستیانەکانی لێ نیشتەجێن، جێبەجێ بکرێت.

**فاتیکان بەڕێزەوە هەوڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی کریستیانەکان دەنرخێنێت**